گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپـەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: https://doi.org/10.26750/m61kjk54

ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: 2025/10/26
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 2026/01/23
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: 2026/06/20

# لایەنی کارگێڕی و ئابوری لە سەردەمی سامسو-ئیلونای پاشای بابل لە ڕوانگەی چەند دەقێکی مێخی نوێ لە مۆزەخانەی سلێمانی

ئیمان عبدالخالق [١] - ئەردەلان خۆشناو [٢]

emanabdulkhalq2@gmail.com khwshnaw.ardalan@gmail.com

[١+٢] بەشی شوێنەوار-کۆن، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**
ئەم توێژینەوەیە شەش دەق مێخی بڵاونەکراوەی سەردەمی پاشا سامسو-ئیلونا (١٧٥٠-١٧١٢پ.ز)ی پاشای بابل لەخۆدەگرێت لە مۆزەخانەی سلێمانی، ئەم دەقە مێخیانە پێکدێن لە چوار دەق گرێبەست لەگەڵ دو دەق بەڕێوەبردن. هەوڵمانداوە لەم توێژینەوەیە دەقەکان بەپێی ڕێزبەندی ساڵەکانی فەرمانڕەوای پاشا سامسو-ئیلونا ڕیزبەندبکەین کە تێکستەکان دابەشدەبن بۆ پێنج ساڵی فەرمانڕەوای ئەو پاشایا: تێکستی یەکەم پێکدێت لە دەقێکی گرێبەست مێژوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی یەکەمی فەرمانڕەوای پاشا، دەق دوەمی ناو توێژینەوە مێژوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی حەفتەمی پاشا و تێکستی سێم دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی هەژدەی فەرمانڕەوای و تێکستی چوارەم دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی بیست و چواری و لەگەڵ دو تێکستی کۆتای مێژوەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی بیست و هەشتەمینی فەرمانڕەوای پاشا.
ئەم دەقە نوێیانە بەشێک لە توێژینەوەی ماستەرنامەکە پێکدەهێنن و باس لە بەڵگەی بەنرخ بۆ لایەنی جێبەجێکردن و بەڕێوەبردن و ئابوری ئەو سەردەمە دەخەنەڕو کە سەردەمەکە بە سەردەمێکی ناسەقامگیری دەدەندرێت لەڕوی سیاسی بەهۆی ئەو بارودۆخەی بەسەر دەوڵەتی بابلدا هات لەدوای مردنی پاشا حامورابی و هاتنەسەر دەسەڵاتی سامسو-ئیلونای کوری، لەوکاتەدا دەوڵەتی بابلی توشی چەندان شورش و هەڵگەڕانەوە بو بەم هۆیەشەوە بارودۆخی وڵات بەتەواوی بەرەو ئاڵۆزی و پارچەپارچەبون هەنگاوی دەنا.
لەلایەکی تریشەوە، تابلێتەکان کۆمەڵێک پیشەی بیرۆکراتی دەگرێتەوە، لەوانە ئەرکی کار، دابەشکردنی کاڵا و چاودێری دامەزراوەیی، ئەمەش ڕۆشنایی دەخاتە سەر حوکمڕانی ناوخۆیی و میکانیزمەکانی کارکردنی بەڕێوەبردنی پارێزگاکان. شیکاری فیلۆلۆژی هەم بەردەوامی لەگەڵ نەریتە نوسەرەکانی پێشوی بابلی کۆن و هەم گونجاندن لەگەڵ واقیعە نوێیەکانی سەردەمی سامسو-ئیلونا ئاشکرا دەکات، بەتایبەتی لە وڵامی یاخیبونە ناوخۆییەکان و دابەزینی دەسەڵاتی ناوەندیدا.
**کلیلە وشەکان:** کارگێڕی، بابلی کۆن، سامسو-ئیلونا، تابلێتەکان، مۆزەخانەی سلێمانی.

# The Administrative and Economic Aspects during the Reign of Samsu-iluna, King of Babylon, from the Perspective of Several New Cuneiform Texts in the Sulaimaniyah Museu

[1+2]Department of Archaeology- Ancient, College of Arts, Salahaddin University- Erbil, Kurdistan Region- Iraq.

**Abstract**

The present research and studies include a group of six previously unpublished Old Babylonian tablets dating to the reign of Samsu-iluna (1750-1712 B.C), king of Babylon, during the middle Old Babylonian period, these texts housing in the Slemani Museum. Four of these six tablets are legal contracts, although the lasting two are administrative tablets. In the present paper, we tried to classified the tablets according of their year names, all of which belong to five different years of Samsu-iluna, king of Babylon.

The first tablet is a contract dated to the first year of Samsu-iluna’s reign. The second text of the paper, which is also a contract, dates to the seventh year of the same king. The third text is a contract dating to the eighteenth year of the Samsu-iluna, while the fourth texts is likewise a contract dated to the year tweeny fourth year of the same king. The final two tablets of the present research are administrative texts dated to the year tweeny eighth of Samsu-iluna.

The tablets cover a range of administrative occupations, including labor assignments, commodity distribution, and institutional oversight, shedding light on local governance and the operational mechanisms of provincial administrations. Philological analysis reveals both continuity with earlier Old Babylonian scribal traditions and adaptations to the new realities of Samsu-iluna’s reign, particularly in response to internal revolts and the decline of centralized authority.

Keywords: Administrative, Old Babylonian, Samsu-iluna, tablets, Slemani Museum.

## پێشەکی:

شارستانیەتی بابلی بە یەکێکە لە گەورەترین شارستانیەتە کۆنەکانی وڵاتی نێوای دوڕوبار هەژماردەکرێت. کە تێیدا کۆمەڵێک بنەماڵەو پاشا حوکمڕانیان کردوە، لەوانە سەردەمی حوکمڕانی پاشا سامسو-ئیلونا (١٧٥٠-١٧١٢پ.ز) جێنشینی حەمورابی باوک و حەوتەمین فەرمانڕەوای شانشینی یەکەمی بابلی کۆنە، بۆ ماوەی ٣٨ ساڵ حوکمڕانی کردەوە.

ئەو قۆناغە بە قۆناغێکی گرنگی ئەوسەردەمە هەژماردەکرێت و لە هەمان کاتدا بە قۆناغێکی پڕ لە چالاک لە مێژوی میزپۆتامیای کۆن دادەندرێت. دوای فراوانبونی خاک و ناوەندگەرایی بەڕێوەبردنەکەی کە لەلایەن حەمورابی بەدەستهات، سامسو- ئیلونا ئیمپراتۆریەتێکی گەورەی بە میرات گرت، لەگەڵ نائارامی سیاسی و ڕاپەڕینە ناوچەییەکان و خراپی باری ئابوری وڵات لە دوای هاتنە سەر تەختی دەسەڵات. سەرەڕای ئەم سەختییانە، دەزگاکانی کارگێری دەوڵەت بەردەوام بون لە کارکردن، هەرچەندە لە ژێر بارودۆخی گۆڕاو و پەرەسەندنی داینامیکی ناوخۆییدا. لێکۆڵینەوە لە دەقەکانی ئەم قۆناغە تێڕوانینێکی چارەنوسساز و ڕون دەدەن بەدەستەوە سەبارەت بە چۆنیەتی پاراستنی حوکمڕانی و چۆنیەتی خۆگونجاندنی دامەزراوەکانی دەوڵەت و مامەڵەیان لەگەڵ ئەو بارودۆخە سەختە.

ئەم توێژینەوە چاپێکی ورد و شیکاری شەش تابلێتی نوێی بابلی کۆن دەخاتەڕو کە مێژوەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سامسو-ئیلونە و تابلێتەکان بەشێکن لە تابلێتە تۆمارکراوەکانی مۆزەخانەی سلێمانی لە ژێر ژمارەکانی: ,SM:039511 SM:040742:SM:040644 ,SM:040655, SM:040684, SM:040694, SM. ئەم تابلێتانە بە ئەگەرێکی زۆرەوە لە چوارچێوەیەکی باشوری بابلییەوە سەرچاوەیان گرتوە، سەر بە کۆرپوسێکی فراوانتری تۆمارە بیرۆکراتییەکانن کە ڕەنگدانەوەی کارەکانی ڕۆژانەی دامەزراوە پارێزگاکانن لە ژێر دەسەڵاتی سامسو-ئیلونادا. ناوەڕۆکەکانیان بریتییە لە تۆمارەکانی ئەرکەکانی کار، تەرخانکردنی خۆراک، بەڕێوەبردنی کارمەندان و لایەنە سەرەکییەکانی بەدواداچونی سەرچاوەکانی پراکتیکی کارگێڕی بابل لە سەردەمی سامسو-ئیلونا لەخۆدەگرێت.

ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە بڵاوکردنەوەی ئەو دەقە مێخیانە کە بۆ یەکەم جارە ئەم تابلێتانە بڵاوبکرێتەوە، توێژینەوەکە هەریەکە لە: وێنە، خوێندنەوە، وەرگێڕان، شرۆڤە، سەردەم و مێژوی دەقەکان لەخۆدەگرێت. بەم کارە، هەم سەرچاوەی ڕەسەنی نوێ و هەم چوارچێوەی لێکدانەوەی دەقەکان بەشدارییێکی کارایان دەبێت لە تیشکخستنە سەر لایەنی کارگێڕی و ئابوری لە دۆخی خراپی سیاسی سەردەمی سامسو-ئیلونا و بەدەستهێنانی زانیاری نوێ لەم بارەیەوە. هەروەها، گرنگییەکی تایبەت بە زمانی فۆرمولەیی، ڕێکەوتننامەی نوسەران و زاراوەی کارگێڕی دەدرێت کە ئەم دەقانە بە نەریتی بیرۆکراتی فراوانتری بابلی کۆن دەبەستنەوە، لەهەمان کاتدا تیشک دەخەنە سەر تایبەتمەندییە نەوازەکان کە ڕەنگە ڕەنگدانەوەی گونجاندن یان داهێنانە ناوخۆییەکانبن.

پێکهاتەی توێژینەوەکە بەم شێوەیەی خوارەوە دادەڕێژرێت: پوختە، پێشەکی، دەروازەیەک لەسەر ژیان و دەسکەوتەکانی پاشا سامسو-ئیلونا خراوەتەڕو، دواتر هەر دەقێک لە بەشی خۆیدا پێشکەش دەکرێت لەگەڵ وێنە و وەرگێڕان و شرۆڤەی وردی تابلێتەکان، و ئەنجامی توێژینەوەکە. دواتر باسێکی بەراوردکاری و بەشی کۆتایی دێت کە دۆزینەوەکان کۆدەکاتەوە و کاریگەرییەکان بۆ تێگەیشتنمان لە حوکمڕانی لە سەردەمی سامسو-ئیلونادا هەڵدەسەنگێنێت.

لە کۆتاییدا ئەم لێکۆڵینەوەیە نەک هەر کۆمەڵە بەڵگەنامەیەکی بەنرخ دەخاتەڕو کە پێشتر بڵاونەکراونەتەوە و کاریان لەسەرنەکراوە، بەڵکو تێگەیشتنمان قوڵتر و فراوانتر دەکات لە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی دامەزراوەکانی بابل لە سەردەمی گرژبونی سیاسی و خۆڕاگری بەڕێوەبەرایەتییەکانی دەوڵەتی بابلی.

## سامسو-ئیلونا (١٧٥٠-١٧١٢پ.ز)

سامسو-ئیلونا کوڕی پاشا حامورابییە، دایکی نەناسراوە (الصالحي، ٢٠١٧، ٣٨٠). پاشای حەوتەمی شانشینی یەکەمی بابلیە لە سەردەمی بابلی کۆن. لە نامەیەکی سامسو-ئیلونادا زانراوە کەوا پێش مردنی باوکی، سامسو-ئیلونای کوڕی

کۆنترۆڵی شانشینی بابلی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ گرتۆتەدەست، بەڵام تاوەکو مردنی باوکی خۆی  بە پاشای دەوڵەت نەناساندوە (Vedeler, 2006, 31). دوای گرتنە دەستی دەسەڵات و هاتنە سەر تەختی شاهانەی وڵاتی بابل توانییویە بۆ ماوەی ٣٨ساڵ لەسەر تەختی بابل حوکمڕانی بکات.

ئەوەی جێگای ئاماژەبۆکردنە لەسەردەمی فەرمانڕەوای باوکیدا زانیارێکی ئەوتۆ لەسەر خودی  سامسو-ئیلونا لەبەر دەست نییە  (Khwshnaw, 2018,  84)هەرچەندە لە کاتی هاتنە سەر دەسەڵاتی سامسو-ئیلونا پشێوییێکی زۆر لەوڵاتدا ڕویداوە، بەڵام توانیویەتی نەریتە ژیرەکانی باوکی بۆفەرمانڕەوای بابل بپارێزێ. چاودێرییەکی توندی بەسەر بەرپرسەکانیدا دەکردو گرنگی بە کارە گشتیە گەورەکان دەدا(Delaporte, 1925, 43). سیاسەتی باوکی پەیڕەوکردوە و گرنگی بە کاروباری بەڕێوبردن و هەڵکەندنی کەناڵەکان و دروستکردن و نوێژەنکردنەوەی پەرستگاکان دەدات.

لە سەردەمی سامسو-ئیلونا بابل لە قەبارەدا زۆر بچوک بوەوە بە بەراورد بە ئیمپراتۆریەتی سەردەمی پاشا حامورابی باوکی (Kuiper, 2011, 72). هەرچەند توانی شانشینی بابل لە مەترسییە ناوخۆییەکان و دەرەکییەکان ڕزگاربکات، بەڵام بەهۆی جیابونەوەی ئاشورییەکان و بەشەکانی باشوری عێراق کە شانشینی بنەماڵەکان لەوێ سەریهەڵدا شکۆی کەمبوە (رشید، ١٩٩١، ٩٨). لەچەند ساڵی سەرەتایی دەسەڵاتی ئاشتی بو، دوربو لە شەڕو جەنگ. بۆیە لەو ساڵانە زیاتر خۆی تەرخانکردوە بۆ ئەنجامدانی هەندێک کاری بیناسازی وەک هەڵکەندنی کەناڵەکان و چاودێریکردن و نوێژەنکردنەوەی پەرستگاکان، وەک ئەوەی لە پەرستگای خواوەند (ننا) لە ئوردا هەیە(وهد، ٢٠٠٦، ٥٦).

## گرنگترین کارو پرۆژەکانی

بەپێی ناوی ساڵنامەکانی سامسو-ئیلونا، لە سەرەتای دەسەڵاتی چەندین پەرستگای بۆ خواوەندەکان دروستکردوە و هەندێک کەناڵی هەڵکەندوە تا ساڵی نۆیەمی فەرمانڕەوای. لە پاڵ دروستکردنی ئەمانە چەندین پەرستگاو کەناڵ و کۆشک و شار و قەڵاکانی نوژەنکردۆتەوە(Khwshnaw, 2018,  85).

لە ساڵی سێیەمی حوکمڕانییەکەی ڕوداوێکی ئابوری پەیوەست بو بە هەڵکەندنی کەناڵێکەوە کە ناوی لێنا (کەناڵی سامسو-ئیلونا سەرچاوەی سەربەخۆیی گەل).

لەساڵی پێنچەمی پاشایەتی بە بۆنەیەکی ئاینی پەیوەستبو بە پێشکەشکردنی دیاری بۆ خواوەندی (سین) لە شاری بابل. دروستکردنی تەختێکی پیرۆزی زێڕین و کورسییەک بۆی لە پەرستگای (ئێکش-نوکال)(Sigrist, 2000,  76).

## جەنگ و سەرکەوتنەکانی

سامسو-ئیلونا خاوەنی هەندێک لێهاتویی سەربازی بوە، ئەمەش بە بەڵگەی هەڵمەتە سەربازییە سەرەتاییەکانی دژی ئەو کەسانەی کەلە دەسەڵاتەکەی یاخیبون (باقر، ٢٠١٢، ٤٧٦). لە ساڵی حەوتەمی تەمەنی پاشایەتی لە بەشی باشوری شانشینەکەیدا ڕاپەڕینێک سەریهەڵدا، لەلایەن ریم-سین کە پاشای ئیلامییەکان بو کە خۆی بە پاشای وەرکا ناودەبرد و دەستی بەسەر ئیسن و لارسادا گرت دواتر لەلایەن سامسو-ئیلونا بە زیندوی سوتێنراو و لەناویبرد. لە ساڵی هەشتەمی حوکمکردنی سامسو-ئیلونا بۆ ماوەی دو ساڵ تەختی ئوروکی وەک شانشینی سەربەخۆ داگیرکرد.

دوای شۆڕشەکانی بەشی باشوری شانشینەکەی سامسو-ئیلونا نەیتوانی بەخێرایی کۆنترۆڵی ئەو شارانە بکاتەوە، بەڵام لە ئەنجامدا توانی ئەم یاخیبونە شکست پێبهێنیت. لە ساڵی نۆیەمی فەرمانڕەوایدا لە شاری کیکا خەڵکانێکی نوێ بەناوی کاسێتی (Khwshnaw)(Kassites, 2018,  85) .دەرکەوتن و  یەکەم جاربو لە مێژوی میزۆپۆتامیادا ناویان لە تۆمارەکان دەربکەوێتKuiiper) , 2011, 72)، گەلێک کە ڕەنگە سەر بە ڕەگەزی ئاریایی بون و پێدەچێت پەیوەندییان

بە میتانییەکانەوە هەبێت، لە باکوری میزۆپۆتامیا دامەزراون (Delaporte, 1925, 43)، بەڵام لە هەمان ساڵدا سامسو-ئیلونا سوپای کاسیەکانی لە کیکای دەرکرد (Khwshhnaw, 2018, 85). لە هەمان ساڵدا پاشا ڕیم-سینی دوەم لەلارسا یاخیبونی خۆی لە دژی سەروەری بابل ڕاگەیاند، دوای شەڕو ململانێیەکی زۆر توانی شکست بەلارسا بهێنێت و ریم-سین بکوژێت و یاخیبونە ترسناکەکە کۆتایی پێبهێنێت. لەساڵی دەیەمیدا (الصالحي، ٢٠١٧، ٣٨): سوپای ئیدامارازو ئیموتباو، ئێشنونا، ئورک و ئیسن لە ڕاپەڕینێکدا شکستپێهێنا (Delaporte, 1925, 41). لە ساڵی یازدەهەمیندا دیواری گەورەی ئور و لارسا و وەرکای وێرانکرد و بۆ جاری دوەم ئەکەدی سوپای شکستپێهێنا. ئەم سەرکەوتنانە بە ژمارەیەک بەڵگەنامەی لارسا، ئور و نیپور پشتڕاستکراونەوتەوە، چونکە ناوی ساڵەکانی بابلی لەسەریان دەرکەوتوە. لە ساڵی چواردەهەمینی پاشایەتییەکەی پاشا یاخیبوەکانی دوژمنی سەربڕی کە ئەکەدیان وروژاندبو بۆ یاخیبون. لە بیستەمین ساڵی حوکمڕانی سەرکەوتنی بەسەر سوپای ئەشنۆنادا بەدەستهێنا.

لە ساڵی بیست و هەشتەمی تەمەنیدا؛ سەربازە ئەمورییەکانی لە ناوچە شاخەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی دورخستەوە. لە ساڵانی دواتریش بەردەوامبوە لە هەڵمەتە سەربازییەکانی دژ بە دوژمنەکانی(Khwshnaw, 2018, 86) . لە ساڵی بیست و هەشتەمینی سامسو-ئیلونادا ڕاپەڕینێک لە باشوری بابل ڕویدا، لەلایەن ئیلوما-ئیلوم و ئەو شارە سۆمەریانەی کە هاوسنور بون لەگەڵ کەنداوی عەرەبی دەگیرکرد و لە بابلی جیاکردنەوە، دواتر لارسای داگیرکرد تا گەیشتە نیپور و دەوڵەتی دەریایی بابلی دوەمی دامەزراند بە (وڵاتی تاڵاوکەبە زەوی دەریاکان ناسراوە) نەیتوانی سەرکوت بکات، بەردەوامبو لە کۆنترۆڵکردنی ناوچەکانی نزیک سۆمەری کۆن بۆ زیاتر لە دو ساڵ (Saggs, 1962, 74). لە ساڵی سی و شەشەمیندا؛ سامسو-ئیلونا هێرشێکی گروپە ئەمورەکان بەرپەچداوەتەوە کە هەوڵیاندەدا لە بابل نیشتەجێبن. پاشا سامسو- ئیلونا پەیوەندییەکانی لەگەڵ ناوچەکانی ڕۆژئاوا بە گشتی دۆستانەبون(Delaporte, 1925, 44) ، بەڵام لە بەشی باشور بەپێچەوانەبوە و ژینگەێکی ناسەقامگیرو نائارام بوە و بوەتە هۆی وازهێنانی لە ناوەندی شارییەکان و کۆچکردنی بەرەو باکور بوە (.Chavalas, 2006, 96)

**دەقە مێخییەکان**

هەروەک لەسەرەوە ئاماژەمانپێدا کرۆکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە بڵاوکردنەوە و خستنەڕوی شەش دەقی مێخی بڵاونەکراوە لە مۆزەخانەی سلێمانی کە مێژوی ئەم دەقانە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بابلی کۆن بەتایبەتی سەردەمی فەرمانڕەوای پاشا سامسو-ئیلونا. لە خوارەوە هەوڵدراوە دەقەکان بەپێی ساڵی فەرمانڕەوای سامسو-ئیلونا ڕیزبەندبکرێن بەجۆرێک لە نزمترین ساڵیەوە بۆبەرزترین ساڵی فەرمانڕوایی.

بەر لە خستنەڕوی خوێندنەوەی تێکستەکان وەک دەروازەێک بۆ ناساندنی دەقەکان هەوڵدراوە: ژمارەی مۆزەخانە و تێکستەکە بنوسرێت، دواتر هەوڵدراوە ڕێکەوتی گەیشتنی تێکستەکان بە مۆزەخانەی سلێمانی تۆماربکرێت، لەگەڵ خستنەڕوی قەبارەی تێکستەکان و بەرواری تێکستەکان و شوێنی ڕەسەنی تێکستەکان دیاریبکرێت بەپێی ناوی کەسی ناو دەقەکە و ناوی ساڵنامەکان و مانگەکان کە زۆر جار یارمەتیدەرێکی باشن بۆ زانینی شوێنی ڕەسەنی تێکستەکان، دواتر هەوڵدراوە بە کورتی باسی کرۆکی بابەتی تێکستەکە بخرێتەڕو. ئینجا خوێندنەوەی دەقەکەی بەدوادادێت لەگەڵ مانای گشتی دەقەکە و لە کۆتایشدا سەرنجە گشتییەکان دەخرێتەڕو کە یارمەتیدەرێکی باشن لە دیاریکردنی شوێنی ڕەسەنی دەقەکان، ئینجا وێنەی دەقەکە لە کۆتایی هەر دەقێک دادەندرێت. بەم شێوەیەی خوارەوە:

| ژمارەی دەق | ڕێکەوتی تۆمارکردنی لە مۆزەخانە | ژمارەی مۆزەخانە | پیوانەی دەق بە (سم) | جۆری دەق |
|---|---|---|---|---|
| دەقی یەکەم | ٢٠١٠/٩/١٦ | SM 040694 | ٢ X٣,٩ X ٤,١ | گرێبەستی قەرز |
| دەقی دووەم | ٢٠٠٩/٤/١٥ | SM 039511 | ٢ X٣,٩ X ٤,٢ | گرێبەستی قەرز |
| دەقی سێیەم | ٢٠١٠/٩/١٦ | SM 040644 | ٢,٢ X٣,٧ X ٤,٩ | گرێبەستی بەکرێگرتن |
| دەقی چوارەم | ٢٠١٠/٩/١٦ | SM 040655 | ١,٢ X٣,٨ X ٣,٩ | گرێبەستی قەرز |
| دەقی پێنجەم | ٢٠١٠/٩/١٦ | SM 040742 | ٢ X٣,٧ X ٤ | وەرگرتنی بیرە |
| دەقی شەشەم | ٢٠١٠/٩/١٦ | SM 040684 | ٩,١ X٣,٣ X ٣,٣ | وەرگرتنی دانەوێڵە |

خشتەی (١) زانیاری گشتی لەسەر دەقەکان

### دەقی یەکەم

ژمارەی مۆزەخانە: T) 04694 SM 040694)

مێژو دەقەکە: ٠١/١٢/٠٧ سامسو-ئیلونا

شوێنی دەقەکە: ئورک

ناوەڕۆکی دەقەکە: ئەم دەقە مێخیە بریتییە لە گرێبەستێکی قەرزکردن، زیو بۆ کڕینی جۆ بەکارهێندراوە لەلایەن دادا بۆ ئانا-سیلیشا-ئێمید.

خوێندنەوەی دەقەکە:

ڕوی پێشەوەی

1. IGI.4.GAL$_2$ K[U$_3$.BABBAR]
2. ŠAM$_2$ 0.2.3 ŠE
3. KI *da-da-a*
4. *a-na -ṣil$_2$-li$_2$-ša-e-mi-id*
5. ŠU BA.AN.TI
6. ⌜U$_4$⌝ BURU$_{14}$.ŠE$_3$

لێواری خوارەوە

1. ⌜*a*⌝*-na-sil$_2$-li$_2$-ša-e-mi-id*
2. I$_3$.AG$_2$.E

ڕوی دواوە

1. IGI *e-qar-tim*
2. IGI *ha-bil-a-hi-ad-du*
3. ITI ŠE.SAG$_{11}$.KU$_5$ U$_4$.7.KAM
4. MU *sa-am-su-i-lu-na* LUGAL.E

شوێنی دێڕێک بەتاڵە
خوێندنەوەی چاپی مۆرەکە

1. *X X X X X X X*
2. DUMU X X X X X

مانای دەقەکە:

ڕ.پ.[١](لە) بەرامبەر٤ (شێکڵ) زیو، [٢](١٥٠) سیلا جۆ، ([٣]لە) داداوە، [٤](بۆ) ئانا-سیلیشا-ئێمید،[٥]وەردەگیرێت، ([٦]لە) کات/ڕۆژی دروێنەکردندا. [٧]ئانا-سیلیشا-ئێمید،[٨] پێوانەی دەکات، [ڕ.د.١٠]لە بەردەم (گەواهیدەر) ئێقارتیم، [٢]لە بەردەم (گەواهیدەر) خابیل-ئەخی-ئادو. [٣]ڕۆژی حەفتەمی مانگی دوازدەی، [٤]ساڵی یەکەمی پاشا سامسو-ئیلونا.

سەرنجەکان:

1. ڕوی پێشەوە

٤. ئانا-سیلیشا-ئێمید (Ana-Silliša-emid): ئەم ناوە کەسییە لە سەردەمی بابلی کۆن بە ناوێکی زۆر دەگمەن دادەندرێت، بەپێی داتابەیسی تێکستەکانی بابلی کۆن تەنیا لە دو تێکستی ئەو سەردەمە ناوەکە تۆمارکراوە، کە مێژوی هەردو دەقەکە دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی سامسو-ئیلونای پاشای بابل.

ئەمە ئەوەمان بۆ پشتڕاستدەکاتەوە کە ئەوگرێبەستەی لێرەدا خراوەتەڕو لەگەڵ ئەو دو تێکستەی ئەو ناوەیان تێدا هاتوە دەگەڕێنەوە بۆ هەمان سەردەم و بە دور نازانرێت کە ناوی کەسەکە لە هەر سێ دەقەکە هەمان کەسبێت. دەقی یەکەم کە ناوەکەی تێدا تۆمارکراوە بریتییە لە گرێبەستێک و مێژوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی شەشەمی فەرمانڕەوای سامسو-ئیلونا، بەڵام شوێنی دۆزینەوەی دەقەکە نەزانراوە (Feigin, 1979, 26) لەو دەقەدا ئەو کەسە وەک گەواهیدەرێک ناوی هاتوە.

دەقی دوەم کە ناوی هەمان کەسی تۆمارکردوە لە شاری ورکا دۆزراوەتەو و مێژوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ١٠/١٣ ساڵی دوەمی فەرمانڕەوای ریم-ئانومی فەرمانڕەوای ئوروک کە هاوسەردەمە لەگەڵ سامسو-ئیلونای پاشای بابل (Loretz, 1978, 139)، ئەم دو دەقە ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە کە دورنییە ئەوکەسەی لەناو ئەم گرێبەستە ناوی هاتوە لە دو دێڕ و مۆری سەر دەقەکەش هی هەمان کەسە هەر هەمان ئەوکەسەبێت و مێژوەکەی بگەڕێتەوە بۆ هەمان سەردەم. لەوەیە بەڵگەی ئەوەشمان بداتێ کە بتوانین بڵێین شوێنی دۆزینەوەی ئەو دەقەی بەردەستمان بگەڕێتەوە بۆ شاری ئوروک.

1. چاپی مۆرەکە

سەبارەت بە هەڵکەندراوی چاپی مۆرەکە، ناوی خاوەن مۆرەکە تاڕادەیەک ڕوننییە، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە دێڕی دوەمی هەڵکەندراوی مۆرەکە جگە لە هێمای یەکەم ( DUMU)هیچ هێمایێکیتر ڕوننییە، لەبەرئەوە ناتواندرێ نە خاوەن مۆرەکە نە باوکی خاوەن مۆرەکە دیاریبکرێت.



وێنەی -١- دەقی یەکەم

## دەقی دوەم

ژمارەی مۆزەخانە: T) 03511 SM 039511)

مێژوی دەقەکە: ٠٧/٠٨/٠١ سامسو-ئیلونا

؟ :شوێنی دەقەکە

ناوەرۆکی دەقەکە: ئەم دەقە مێخیە بریتییە لە گرێبەستێکی بەقەرزدانی جۆ، سین-ئیمگورانی جۆی بە قەرزی زیادە داوەتە هەریەکە لە ئیدین-سین و ئیپقوشا تا ڕۆژی دروێنە.

:خوێندنەوەی دەقەکە

ڕوی پێشەوە

1. 1.1.5 GUR ŠE SAG.DU
2. MAŠ$_2$ GI.NA *DAH.RU/HE$_2$.DAM*
3. UGU *i-din-$^d$EN.ZU*
4. *u$_3$ ip-qu$_2$-ša*

5. *$^{I.d}$EN.ZU-im-gur-an-ni*
6. I.ŠU
7. MU.TUM$_2$ UD BURU$_{14}$!.ŠE$_3$

ڕوی دواوە

1. ŠE u$_3$ MÁŠ.BI
2. I$_3$.AG$_2$.E
3. IGI LU$_2$.$^{d}$*EN.LIL$_2$.LA$_2$*
4. IGI $^{d}$*NIN.URTA-ga-mil*
5. ITI $^{giš}$APIN.DU$_8$.A
6. MU *sa-am-su-i-lu-na lugal* $^{giš}$TUKUL ŠU.NIR NIG$_2$ KU$_3$-BABBAR KU$_3$-GI

خوێندنەوەی چاپی مۆرەکە

1. *i-din-$^{d}$EN.ZU*
2. DUMU *ni-sa-nu-um*
3. ARAD $^{d}$NIN.ŠUBUR

مانای دەقەکە:

ڕ.پ[١.] ١. ٥ کور جۆ(دانەوێڵە)ی زۆرباش، [٢]بە خستنەسەری زیادە [٣]بۆسەر ئیدین-سین، [٤]و ئیپقوشا، [٥] (لە) سین-ئیمگورانی، [٦]قەرزەکەی [٧]لەکاتی دروێنەکردندا. ڕ.د[١.]جۆ و زیادە(سودە)کەی، [٢]پێوانەدەکات، [٣]لە بەردەم (گەواهیدەر) ئاویل-ئینلیل، [٤](گەواهیدەر) نینورتا-گامیل، [٥]لە ڕۆژی یەکەمی مانگی هەشتی، [٦]ساڵی حەفتەمی پاشا سامسو-ئیلونا.

مانای دەقی مۆرەکە:

ئیدی-دین، کوڕی نیسانوم، خزمەتکاری خوداوەند نین-شوبور.

**سەرنجەکان:**

1. ڕوی پێشەوە

٢. داخرودام (*DAH.RU/HE$_2$.DAM*): ئەم وشەیە لەکۆتای دێڕی دوەمی ڕوی پێشەوەی تابلێتەکە ئاڵنگاری هەندێ کێشەمان دەکات، چونکە بەم شێوازە بەپێی داتابەیسی تێکستەکانی بابلی کۆن لە هەردو داتەبەیسی ئەرشیباب (archibab) و سیدیڵئای (cdli) لە هیچ دەقێکا بەو شێوازە تۆمارنەکراوە. بەڵام ئەوەی جێگای ئاماژەپێکردنە، و بەدورنازاندرێت کە هێمای دوەمی وشەکە بە هەڵە تۆمارکرابێت یان دەکرێ خوێندنەوەیەکیتر بۆ هێمای دوەمی وشەکە هەبێت و لە ئیستادا درکمان بەم جۆرە خوێندنەوەیە نەکردبێت. لە هەمو بارەکاندا دەکرێ وشەکە بەشێوەی (*DAH.HE$_2$.DAM*) بخوێندرێتەوە کە بەواتای "زیادە"دێت.

2. چاپی مۆرەکە

هەڵکەندراوی چاپی مۆرەی دەقەکە دەگەڕێتەوە بۆ خاوەنداری کەسێک بەناوی ئیدین-سین (Iddin-Sin)ی کوڕی نیسانوم (Nisanum)، ناوی کەسی خاوەن مۆرەکە بە ناوێکی زۆر بەربڵاو دادەندرێت لەسەردەمە جیاوازەکان بەتایبەتی لەسەردەمی بابلی کۆن لە ناوچەکانی باشوری وڵاتی نێوان دوروبار، لەبەر ئەم هۆکارە ناوەکە هیچ سودێکمان پێناگەێنێت

له چۆنیەتی ناسینەوەی شوێنی ڕەسەنی دەقەکە لە هەمان کاتدا ئیدین-سینی Iddin-Sin))خاوەنی مۆرەکە وەک کوڕی نیسانوم Nisanum))له مۆرەکە وێناکراوە، بەڵام لە هیچ دەقێک و مۆرێکا ئەمەمان نەدۆزییەوە تەنها ناوی باوکی لە یەک دەقی سەردەمی سەرەتای بابلی کۆن لە شاری ئور وەک گەواهیدەرێک تۆمارکراوە (Figulla, 1953, 369). لەبەر ئەم هۆکارانەی ئاماژەمانپێکردن هیچ یەکێ لە ناوەکەسیەکانی ناو دەقەکە یارمەتیدەرنین بۆ ناساندنەوە و دەستنیشانکردنی شوێنی ڕەسەنی دەقەکە چونکە ناوەکان یان زۆر بەکارهاتون لەزۆر شوێنا یانیش ناوەکان نەناسراو و دەگمەنن.



وێنەی -٢- دەقی دوەم

**دەقی سێیەم**

ژمارەی مۆزەخانە: T) 04644 SM 040644)

مێژوی دەقەکە: ١٢/١٢/٠١ سامسو-ئیلونا

شوێنی دەقەکە: یسین

ناوەڕۆکی دەقەکە: ئەم دەقە مێخیە بریتییە لە گرێبەستێک کە کەسێک بەناوی سین-ئەخی-ئیدینام بەفەرمی بەکرێ دەگیرێ لەلایەن کەسێکەوە بەناوی دادایا، لەبەردەم شاهیدێک بەمەبەستی شوانی هەندێ مەڕومالات.

خوێندنەوەی دەقەکە:

ڕوی پێشەوە

1. 10 U$_{8}$ HI.⌜A⌝
2. 1 UDU.NITA$_{2}$ HI.A
3. 3 KIR$_{11}$ HI.A
4. 1 SILA$_{4}$ GUB
5. ŠU NIGIN$_{2}$ 16 UDU HI.A
6. *ša da-da-a*
7. *a-na* $^{d}$EN.ZU-*a-hi-i-din-nam*
8. *pa-aq-du*

ڕوی دواوە

1. IGI $^{d}$*da-mu-e-ri-iš*
2. DUMU *i-lu-sa$_{3}$-na-da*
3. ITI ŠE.SAG$_{11}$.KU$_{5}$ U$_{4}$.1.KAM
4. MU *sa-am-su-i-lu-na* LUGAL E$_{2}$.BABBAR E$_{2}$ $^{d}$UTU UD.KIB.NUN$^{KI}$.TA MU E$_{2}$ ŠU.GIBIL.A

let.ed

خوێندنەوەی چاپی مۆرەکە

1. $^{d}$*e$_{2}$-a-li-i-ki-du*
2. DUMU DINGIR X X X X
3. ARAD DINGIR X X X X

مانای دەقەکە:

[ر.پ.١] ١٠ مەڕی پێگەیشتو، [٢] ١ مەڕی نێر،[٣] ٣ بەرخی مێ، [٤] ١ بەرخی نێر، [٥]سەرجەمیان دەکاتە ١٦ سەر مەڕ،[٦] لەلایەن دادا،[٧] بۆ سین-ئەخی-ئیدینام، [٨] (ئەو)بەکرێی گرت. [ر.د.١] (بەگەواهیدەری) لەبەردەم دامو-ئێریش، [٢]کوڕی ئیلو-سانادا، [٣]لە ڕۆژی یەکەمی مانگی ددوازدەی،[٤] ساڵی دوازدەی پاشا سامسو-ئیلونا.

مانای دەق مۆرەکە:

ئێالیکیدو، کوڕی دینگەر ....، خزمەتکاری دینگەر ....

سەرنجەکان:

3. ڕوی دواوە

دامو-ئێریش (Damu-eriš): ناوی ئەو گەواهیدەرەی لە دێڕی دوەمی ڕوی دواوەی دەقەکە وەک گەواهیدەرێک بۆ ئەم گرێبەستە تۆمارکراوە، تا ڕادەیەکی زۆر یارمەتیدەرە بۆ دەستنیشانکردنی شوێنی ڕەسەنی دەقەکە، چونکە ئەم ناوە لە تەنیا یەک دەقی ساڵی نۆزدەمی سامسو-ئیلونا تۆمارکراوە وەک گەواهیدەرێک و ئاماژە بەوەکراوە کە کوڕی کەسێکە بەناوی ئیلوسا-نادا (Ilussa-nada) وەک هەمان ئەو دەقەی بەردەستمان، دەقەکە لە شاری یسین لە باشوری وڵاتی نێوان دوروبارەوە هاتوە (Alexander, 1943, 193)، ئەمەش تاڕادەیەکی زۆر ئەوەمان بۆ پشتڕاست دەکاتەوە کە هەردو کەسەکە هەمان کەسن کە لە دەقەکەی یسین و دەقەکەی بەردەستمان تۆمارکراوە.

ئەوەی جێگای ئاماژەپێکردنە، لە پاڵ ئەو دەقەی ئاماژەمانپێکرد، ناوی باوکی ئەم گەواهیدەرە ئیلوسا-مادا لە دو دەقی تری یسین تۆمارکراوە، دەقی یەکەم مێژوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی دوازدەیەمی سامسو-ئیلونا (Alexander, 1943, 187)، دەقی دوەم دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی پێنجەمی دامیق-ئیلیشوی (Damu-eriš) پاشای یسین و لە دەقەکەدا وەک گەواهیدەرێک ناوی هاتوە و بە کوڕی کەسێک بەناوی دامو-ئیلات-سو (Damu-illat-su) ناوی هاتوە ((Sollberger, 1951, 105-108. بە پشتبەستن بەم دو دەقەی سەرەوە، دەتواندرێت ئاماژە بەوە بکرێ ناوی گەواهیدەرەکە و باوکی گەواهیدەرەکەی ناو دەقەکەی بەردەستمان هەمان ئەو کەسەن کە لە دەقەکانی یسیندا تۆمارکراون و کەسەکان ناسراون، ئەمەش بەڵگەی بەهێزمان لەسەر شوێنی ڕەسەنی دەقەکە دەداتێ کە بریتییە لە شاری یسین.

4. چاپی مۆرەکە

هەرچەندە ناوی خاوەنی مۆرەکە تاڕادەیەک دەتواندرێ دیاریبکرێت و بخوێندرێتەوە وەک یا-لیکیدو (Eya-likidu)، بەڵام لە هەمانکاتیشدا یارمەتیدەر نییە بۆ ناسینەوەی ناوەکە، چونکە ئەم ناوە ناوێکی نەناسراوە لە ناو دەقەکانی بابلی کۆن بەپێی داتابەیسی تێکستەکانی بابلی کۆن.

ناوی دوەمی سەر چاپی مۆرەکە کە دەکاتە باوکی خاوەنی مۆرەکە جگە لە هێمای پێش ناوەکە (DUMU) واتای "کوڕی" لەگەڵ هێمای یەکەمی ناوەکە (DINGIR) هیچ هێمایێکیتر ناناسرێنەوە، بەهۆی ئەمەشەوە نازاندرێت ناوی باوکی خاوەن مۆرەکە نچیبوە، کە ئەمەش دوبارە گرفتمان بۆ دروستدەکات لە ناسینەوە و دەستنیشانکردنی خاوەنی مۆرەکە.



وێنەی -٣- دەق سێیەم

**دەق چوارەم**

ژمارەی مۆزەخانە: T) 04655 SM 040655)

مێژوی دەقەکە: ٢٤/١٠/٢٣ سامسو-ئیلونا

شوێنی دەقەکە: یسین

ناوەڕۆکی دەقەکە: ئەم دەقە بریتییە لە ئەنجامدانی گریبەستێک لە نێوان ئێ-تاپێ و دادایا بەمەبەستی گەڕانەوەی قەرزێکی سودبەخش.

خوێندنەوەی دەقەکە:

ڕوی پێشەوە

1. 3 GIN$_2$ KU$_3$-BABBAR
2. *a-na* SA$_{10}$ *še-e*
3. KI *da-da-a*
4. $^I$*e$_2$-a-tab-ba-e*
5. ŠU.BA.AN.TI
6. U$_4$ BURU$_{14}$.ŠE$_3$

ڕوی دواوە

1. KI *ma-hi-ir i-i[l-l]a-ka*
2. *ša* KU$_3$.BABBAR *u$_3$* MAŠ$_2$.BI
3. ŠE I$_3$.AG$_2$.E
4. IGI $^{d}$*da-mu-e-ri-iš*
5. IGI *ṣil$_2$-li$_2$*-$^{d}$MAR.TU

لێواری سەرەوە

1. ITI AB.E$_3$ U$_4$.2[3.KAM]
2. MU *sa-am-su-i[-lu-na* LUGAL] BAD$_3$ KIŠ$^{KI}$ MU.UN[.DU$_3$.A]

خوێندنەوەی چاپی مۆرەکە

1. *e$_2$-a-tab-ba-e*
2. DUMU $^{d}$MAR.TU-*ta-a-a-ar*
3. ARAD $^{d}$NIN.ŠUBUR

مانای دەقەکە:

[ڕ.پ.۱] سێ گین زیو، [۲]بۆ کڕینی جۆ، [۳]لە داداوە، [٤] ئێا-تابا-ئێ، [٥] وەریدەگرێت، [٦]لە کاتی دروێنەکردندا، [ڕ.د.۱] کە بۆی خەرجدەکرێت [۲] (لەبەرامبەر) زیو و سودەکەی، [۳] (بە)جۆیەکە پێوانەدەکرێت، [٤] لەبەرانبەر (گەواهیدەر) دامو-ئێریش، [٥] لەبەرانبەر (گەواهیدەر) سیلی-ماردوک. [ل.س.۱]لەڕۆژی ۲۳ی مانگی دەی، [۲]ساڵی ٢٤ی پاشا سامسو-ئیلونا.

مانای دەقی مۆرەکە:

ئێا-تابا-ئێ، کوڕی ماردوک-تایار، خزمەتکاری نین-شوبور.

سەرنجەکان

ڕوی پێشەوە

ئێا-تابا-ئێ (Eya-tabba-e): ئەگەر لە خوێندنەوەمان بۆ ئەو ناوە بە هەڵەدانەچوبین، ئەوە ئەو ناوە لە ناو دەقەکانی بابلی کۆن بە ناوێکی دەگمەن و نەناسراو دادەندرێت، کە ئەم دەقە بە مۆری هەمەن ئەوکەسەش مۆرکراوە ئەمەش هیچ یارمەتیدەرنییە لە ناساندن و جێپێهەڵگرتنی شوێنی دەقەکە.

5. ڕوی دوادە

دامو-ئێریش (Damu-eriš): بۆ ئەم ناوە بنواڕە سەرنجی دەقی سێیەم ڕوی دواوە دێڕی یەکەم.

سیلی-ماردوک (ṣilli-Marduk): ناوی گەواهیدەری دوەمی ناو گرێبەستەکەیە، ئەم ناوە زۆر یارمەتیدەر نییە لە دەستنیشانکردنی شوێنی دەقەکە، چونکە لە زۆربەی ئەو دەقانەی ناوەکەیان تێدا هاتوە شوێنی دەقەکان نەزاندراوە (King, 1898-1900, 42, Nies, 1920, 79). لەهەمانکاتدا پێویستە ئاماژە بەوەبکرێ ناوەکە لە یەکێک لە دەقەکانی شاری ئور تۆمارکراوە (Figulla, 1953, 870). بەڵام بەهۆی ناسینی ناوی دامو-ئێریش لە دەقی سێیەم ئەوەمان بۆ پشتڕاست دەکەتاوە کە شوێنی ڕەسەنی ئەم دەقە بریتییە لە شاری یسین.

6. چاپی مۆرەکە

هەروەک لە دێری چوارەمی ڕوی پێشەوەی تابلێتەکە ئاماژەمانپێکرد ناوی خاوەنی مۆرەکە ناوێکی نەناسراوە لەناو دەقەکانی بابلی کۆندا، بەڵام ناوی باوکی ماردوک-تیار (Marduk-tayar) لە سەردەمی بابلی کۆندا لە شاری سیپار لەناو دەقەکاندا تۆمارکراوە ( Feigin, 1979, 75, Dekiere, 1995, 404, Pinches, 1899, 20a and Pinches, 1898, 22b and 32c)، بەڵام ئەمە بەو واتایە نایێت کە شوێنی دەقەکە شاری سیپاربێت، چونکە هەروەک لە سەرنجی پێشوتر ئاماژەمانپێکرد ناوی دامو-ئێریش بەباشی دەناسرێت و بەهۆیەوە دەتواندرێ شاری یسین وەک شوێنی دەقەکە دەستنیشانبکرێت.



وێنەی -٤- دەقی چوارەم

**دەقی پێنجەم**

ژمارەی مۆزەخانە: T 04742 SM 040742)

مێژوی دەقەکە: ٢٨/٠٥/١٧ سامسو-ئیلونا

شوێنی دەقەکە:؟

ناوەڕۆکی دەقەکە: ئەم دەقە کارگێڕییە بریتییە لە وەرگرتنی بیرە لەلایەن ئیلی-مالولیم.

خوێندنەوەی دەقەکە:

ڕوی پێشەوە

1. 0.0.3 KAŠ
2. ŠU.TI.A
3. $^{I}i_{3}$-$li_{2}$-*ma-lu-lim*
4. KI *da-da-a*

ڕوی دواوە

1. ITI NE.NE $U_{4}$.17.KAM
2. MU *sa-am-su-i-lu-na* LUGAL.E $A_{2}.AG_{2}.GA_{2}$ $^{d}EN.LIL_{2}.KA$

خوێندنەوەی چاپی مۆرەکە

1. $i_{3}$-$li_{2}$-*ma-lu-lim*
2. DUB.SAR
3. $i_{3}$-$li_{2}$-*ba-ni* DUMU
4. ARAD $^{d}$UTU-*ma?-at-šu*

مانای دەقەکە:

[ڕ.پ.١] ٣٠ لیتر بیرە، [٢]وەرگیراوە،[٣] (بۆ) ئیلو-مالولیم، [٤](لە) داداوە. [ڕ.د.١] لە ١٧ی مانگی پێنجی، [٢]ساڵی ٢٨ی پاشا سامسو-ئیلونا.

مانای دەقی مۆرەکە:

ئیلو-مالولیم، نوسەر، ئیلی-بانی کوڕ(ی)، خزمەتکاری شەمەش-ماتشو.

سەرنجەکان:

7. ڕوی پێشەوە

یلی-مالولیم (Ili-malulim): بۆ سەرنج لەسەر ئەم ناوە بگەڕێوە سەر سەرنجی دەقی شەشەم.

8. چاپی مۆرەکە

لەسەر هەڵکەندراوی چاپی مۆرەکە یلی-مالولیم (Ili-malulim) وەک خاوەنی مۆرەکە دەردەکەوێت و لەناو هەڵکەندراوەکە وەک دوب-سار (DUB-SAR) "نوسەر" ناوی هاتوە. بەڵام ئەوەی جێگای ئاماژەبۆکردنە ناوی دوەمی سەرهەڵکەندراوەکە بریتییە لە یلی-بانی (Ili-bani) ئەم ناوەش ناوێکی زۆر بەربڵاوبوە لە سەردەمی بابلی کۆن لەسەرجەم شارەکانی وڵاتی نێوان دوڕوباردا، لەبەر ئەوە ناسینەوەی ئەم ناوە کارێکی زەحمەتە! ئەوەی جێگای ئاماژەبۆکردنە ڕاستەوخۆ لەدوای ناوەکە وشەی دومو (DUMU) کە بەواتای "کوڕ" دێت هەتوە و لەدوای وشەکە هیچ ڕاناوێکی کەسی نەهاتوە یان لەوەیە ڕاناوەکە نوسرابێت، بەڵام بەهۆی ناڕونی هەڵکەندراوەکە لەسەر تابلێتەکە نەتواندرێ ببیندێت، چونکە پێویستە لەدوایدا ڕاناوی کەسی سێیەمی تاک سۆمەری نی (NI) هاتبێت کە بۆ یلی-مالولیم بگەڕێتەوە و ماناکەی بەم شێوەیە لێکبدرێتەوە "**یلی-مالولیم، نوسەر، یلی-بانی کوڕی، خزمەتکاری ...**"، بەم شێوەیەش ئەوەمان بۆ ڕوندەبێتەوە، کە دێڕی کۆتای سەر هەڵکەندراوەکە دەبێ ناوی کەسێک یان خوداوەندێک بێت.

هەرچەند هەندێ لە هێماکانی ناوی کۆتای ڕونە بەڵام ئەوەی جێگای هەڵوەستە لەسەرکردنە ئەوەیە کە هیچ جۆرە ناوێک بەم شێوازەی ئێستا کە خوێندراوەتەوە نەدۆزراوەتەوە ئەمەش گریمانەی ئەوەمان لا گەڵاڵە دەکات: کە لەوەیە

ناوێکی نوێیێت و پێشوتر لە دەقەکانی تر تۆمارنەکرابێت یان دەشێ هێما مێخییەکان بەجۆرێکیتر بخوێندرێنەوە، چونکە هێماکانی دوەم و سێیەمی ناوەکە لەدوای دینگەر (DINGIR) زۆر ڕون نین بەتایبەت هەردو هێمای: وتو (UTU) و ما (MA). لە دەرئەنجامی ئەمەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، شوێنی ڕەسەنی دەقەکەی بەردەستمان وەک دەقی پێنجەم بە نەزاندراوەی بمێنێتەوە بەپێی زانیارییە بەردەستەکان لە کاتی ئێستادا.



وێنەی -٥- دەقی پێنجەم

## دەقی شەشەم

ژمارەی مۆزەخانە: T) 04684 SM 040684)

سامسو-ئیلونا ٠٦/٠٦/٢٨ :مێژوی دەقەکە

؟:شوێنی دەقەکە

.ناوەڕۆکی دەقەکە: ئەم دەقەدە کارگێڕییە بریتییە لە وەرگرتنی بڕێکی دانەوێڵە لەلایەن ئیلی-مالولیم بۆ دادایا

:خوێندنەوەی دەقەکە

ڕوی پێشەوە

1. 0.0.3 7 SILA$_3$ ŠE
2. ŠU.TI.A
3. $^{I}$*i$_3$-li$_2$-ma-lu-lim*
4. KI *da-da-a*

ڕوی دواوە

1. ITI KIN.$^{d}$INANNA U$_4$.6.KAM

2. MU *sa-am-su-i-lu-na* LUGAL.E A$_2$.AG$_2$.GA$_2$ $^{d}$EN.LIL$_2$.KA

خوێندنەوەی چاپی مۆرەکە

1. *i$_3$-li$_2$-ma-lu-lim*
2. DUMU $^{d}$NIN.X

ماناى دەقەکە:

[ڕ.پ.١] ٣ بان، ٧ سیلا جۆ، [٢]وەرگیرا [٣] (لەلایەن) ئیلی-مالولیم، [٤] لە داداوە، [ڕ.د.١] ڕۆژی شەشەمی مانگی شەشی، [٢]ساڵی ٢٨ی پاشا سامسو-ئیلونا.

ماناى دەقی مۆرەکە:

یلی-مالولیم، کوڕی نین-....

سەرنجەکان:

9. ڕوی پێشەوە + چاپی مۆرەکە

یلی-مالولیم (Ili-malulim): ناوی ئەم کەسە وەک وەرگر و خاوەنی چاپی مۆری سەر دەقەکە تۆمارکراوە. ئەم ناوە لە سەردەمی بابلی کۆن لە شاری سیپار ناوێکی باوبوە و لە زۆر دەقدا ناوەکە تۆمارکراوە ( Richardson, 2010, 89, Dekiere, 1995, 486 and 531 and Meissner, 1893, 42).

سەرەڕای ئەو تێکستانەی شاری سیپار پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت لە یەکێ لە تێکستەکانی شاری نیپوردا ئەو ناوە تۆمارکراوە (Stone 1987, SAOC 44 74). ئەوەی جێگای ئاماژەپێکردنەوە، دوا هێمای ناوەکە (lim) دەتواندرێ بە شێوەی (ši) بخوێندرێتەوە و لەلایەن هەندێک لە توێژەران ناوەکە بەشێوەی یلی-مالوشی (Ili-maluši)) خوێندراوەتەوە، لەپاڵ ئەمەشدا ناوەکە لە دو تێکستی شاری بابل تۆمارکراوە بەم شێوازەی ئاماژەمانپێکرد ( Klengel, 1983, 16 and Finkelstein, 1972, 406).

سەرەڕای ناوهاتنی لە دەقەکاندا پێویستە ئاماژە بە نوسینی سەر مۆرەکانیش بکرێت، ئەم ناوە لە چاپی مۆرێکدا بە کوڕی کەسێک بەناوی یبنیا (Ibniya) ناوی هاتوە (Stone, 1987, 74) کە تێکستەکە لە شاری نیپور دۆزراوەتەوە. لە چاپی مۆرێکیتر هەمان ناو بە کوڕی کەسێک بەناوی مانو-کیما-ئاداد (Mannu-kima-Addad) ناوی هاتوە و تێکستەکە لە شاری سیپار دۆزراوەتەوە (cdli p530794)، بەڵام لە چاپی مۆری سەر ئەم تابلێتە زۆر ڕون نییە کە ناوی باوکی ئەو کەسە کێیە، چونکە تەنیا هێمای دینگەر + نین ($^{d}$NIN-X-X) لە ناوی باوکی دیارە و ئەمەش لەگەڵ هیچ یەکێ لە چاپی ئەو مۆرانەی ئاماژەمانپێیانکرد یەکانگیرنابێت و لەبەر ئەمە ناوی باوکی بەنەزاندراوی لێرەدا دەمێنێتەوە ئەوەشمان بۆ دەردەکەوێ ناوی ئەو کەسە لەسەر هەرسێ چاپی مۆرەکان کەسانی جیاوازن و یەک کەسنین. بەڵام ئەوەی جێگای ئاماژەبۆکردنە ئەوەیە کە واپێدەچی یلی-مالولیم (Ili-malulim) لەتێکستی پێنجەم و شەشەمدا کە وەک وەرگر ناویان هاتوە و خاوەنی مۆرەکەی سەر تابلێتەکانیشن هەر هەمان کەسبن، چونکە لە هەردو دەقەکە لە هەمان ساڵداو بە هەمان میکانیزم و لە هەمان کەس کە دادا (Dada)یە شتیان وەرگرتوە، لێرەدا ئەگەر ئەوەمان قبوڵبێت کە هەردو کەسەکە هامان کەسن دەبێ ئەوەشمان قبوڵبێت یلی-مالولیم (Ili-malulim) خاوەنی دو مۆری جیاوازبوە.

دەرئەنجامی سەرجەم ئەو تێکست و چاپی مۆرانەی لەسەرەوە ئاماژەمانپێیانکرد بەڵگەن لەسەر ئەوەی ئەم ناوە لە شارە جیاوازەکانی وڵاتی نێوان دوڕوبار تۆمارکراوە، لەبەر ئەوە دیاریکردنی شارێکی دیاریکراوە بە شوێنی بەکارهێنانی ئەم ناوە

کارێکی قورسە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی شوێنی دۆزینەوەی ئەم دەقەی بەردەستمان لە کاتی ئێستادا بە نەزانداروەی بمێنێتەوە.



وێنەی -٦- دەقی شەشەم

| ژمارەی دەق | ساڵنامەی دەق | خوێندنەوەی ساڵنامە |
|---|---|---|
| یەکەم | سامسو- ٠٧/١٢/٠١ ئیلونا | MU *sa-am-su-i-lu-na* LUGAL.E |
| دوەم | سامسو- ٠١/٠٨/٠٧ ئیلونا | MU *sa-am-su-i-lu-na LUGAL* $^{giš}$TUKUL ŠU.NIR NIG$_2$ KU$_3$.BABBAR$_2$ KU$_3$.GI |
| سێیەم | سامسو- ٠١/١٢/١٢ ئیلونا | MU *sa-am-su-i-lu-na* LUGAL E$_2$.BABBAR E$_2$ $^{d}$UTU UD.KIB.NUN$^{ki}$.TA MU E$_2$ ŠU.GIBIL.A |
| چوارەم | سامسو- ٢٣/١٠/٢٤ ئیلونا | MU *sa-am-su-i[-lu-na* LUGAL] BAD$_3$ KIŠ$^{KI}$ MU.UN[.DU$_3$.A] |
| پێنجەم | سامسو- ١٧/٠٥/٢٨ ئیلونا | *sa-am-su-i-lu-na* LUGAL.E A$_2$.AG$_2$.GA$_2$ $^{d}$EN.LIL$_2$.KA |
| شەشەم | سامسو- ٠٦/٠٦/٢٨ ئیلونا | MU *sa-am-su-i-lu-na* LUGAL.E A$_2$.AG$_2$.GA$_2$ $^{d}$en-lil$_2$-ka |

خشتەی (٢) ساڵنامەی دەقەکان

| ژمارەی دەق | ناوی بدەر | ناوی وەرگر | کاتی وەرگرتن | جۆری کاڵا |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| یەکەم | دادا | ئانا-سیلیشا-ئێمید | ڕۆژی دروێنە | زیو بۆ کڕینی جۆ |
| دەقی دوەم | سین-ئیمگورانی | ئیدین-سین و ئیپقوشا | ڕۆژی دروێنە | دانەوێڵە (جۆ) |
| دەقی سێیەم | دادا | سین-ئەخی-ئیدینام | | بەکرێگرتنی شوان |
| دەقی چوارەم | دادا | ئێا-تابا-ئێ | ڕۆژی دروێنە | زیو بۆ کڕینی جۆ |
| دەقی پێنجەم | دادا | ئیلی-مالولیم | | بیرە |
| دەقی شەشەم | دادا | ئیلی-مالولیم | | دانەوێڵە (جۆ) |

خشتەی -٣- ناوی بدەر، وەرگر و جۆری کاڵاکە

**ئەنجام**

1- توێژینەوە لەسەر هەر تابلێتێک وادەکات زانیاری و بەڵگەی بەنرخ بخرێتە بەردەست، لە کۆتاییدا ئەم لێکۆڵینەوەیە کۆمەڵە بەڵگەنامەیەکی بەنرخ خراوەتە ڕو کە پێشتر نەزانرابون، بۆ یەکەمجار لەم توێژینەوەیە خراوەتەڕو کاری لەسەر کراوە، لەبەرئەوەی خوێندنەوەی هەر دەقێک وادەکات تێگەیشتنمان قوڵتر ببێتەوە، کە چۆن دامەزراوەکانی بابل لە سەردەمی گرژبونی سیاسی و خۆڕاگری بەڕێوەبەرایەتییەکان کاریان کردە لەلایەنی کارگێرییەوە. ئەم دەقە نوێیانە باس لە بەڵگەی بەنرخ بۆ لایەنی جێبەجێکردن و بەڕێوەبردن و ئابوری ئەو سەردەمە دەخەنەڕو کە سەردەمەکە بە سەردەمێکی ناسەقامگیری دادەندرێت لەڕوی سیاسی بەهۆی ئەو بارودۆخەی بەسەر دەوڵەتی بابلدا هات لەدوای مردنی پاشا حامورابی و هاتنەسەر دەسەڵاتی سامسو-ئیلونای کوڕی لەوکاتەدا دەوڵەتی بابلی توشی چەندان شۆڕش و هەڵگەڕانەوە بو بەم هۆیەشەوە بارودۆخی وڵات بەتەواوی بەرەو ئاڵۆزی و پارچەپارچەبون هەنگاوی دەنا.

2- دوایی خوێندنەوە بۆ تابلێتەکان، دەرکەوتنی کۆمەڵێک ناوی نوێ لە نێو دەقەکاندا، کە لە ڕێگای ئەم ناوانە دەتوانین بە گریمانەیەکی زۆر شوێنی جوگرافییەی تابلێتەکە دیاریبکرێت. سێ تابلێت شوێنی دۆزینەوەکەی دیارە بەڵام سێ تابلێتەکەی تر بەهۆی زۆر دوبارەبونەوەی ناوی کەسەکان لەو سەردەمەدا نەتوانراوە شوێنی جوگرافیای تابلێتەکە دیاری بکرێت. گرنگترین ناوەکان: لە دەقی یەکەم' ئانا-سیلیشا-ئێمید (Ana-Sillišа-emid): ئەم ناوە کەسییە لە سەردەمی بابلی کۆن بە ناوێکی زۆر دەگمەن دادەندرێت. یارمەتی دەربوە بۆ ئەوەی بزانرێت کە شوێنی جوگرافیاکەی شاری ئوروکە. یلی-مالولیم (Ili-malulim): ناوی ئەم کەسە وەک وەرگر و خاوەنی چاپی مۆری سەر دەقەکە تۆمارکراوە. ئەم ناوە لە سەردەمی بابلی کۆن لە شاری سیپار ناوێکی باوبوە و لە زۆر دەقدا ناوی هاتوە سەرەڕای ئەو تێکستانەی شاری سیپار پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت لە یەکێ لە تێکستەکانی شاری نیپوردا ئەو ناوە تۆمارکراوە ئەوەی جێگای ئاماژەپێکردنەوە، دوا هێمای ناوەکە (lim) دەتواندرێ بە شێوەی (ši) بخوێندرێتەوە و لەلایەن هەندێک لە توێژەران ناوەکە بەشێوەی یلی-مالوشی Ili-maluši)) خوێندراوەتەوە، لەپاڵ ئەمەشدا ناوەکە لە دو تێکستی شاری بابل تۆمارکراوە بەم شێوازەی ئاماژەمانپێکرد نەتوانراوە شوێنی تێکستەکە بزانرێت.

3- گرێبەستەکانیان لە ڕێگای نوسینی سەر تابلێتەکان ئەنجامداوە بۆ ئەوەی وەک بەڵگەبێت بۆ وەرگرتنی کاڵەکە یاخود وەرگرتنی قەرزەکان.کە لە ڕێگای وەرگرتنی زیوە یاخود دانەوێڵە وەرگرتن و گرێبەستەکان کراوە. هەروەها بونی گەواهیدەر زۆرگرنگبوە لە کاتی گرێبەستەکاندا هەریەک لە تابلێتە ئابورییە کارگێرییەکان پەیوەستن بە بونی شایەتحاڵ. لەڕێگای ئەم

گەواهیدەرانەوە توانراوە شوێنی تابلێتەکە بە ئەگەرێکی زۆر دیار بکرێت، وەک لە دەقی سێیەم: دامو-ئێریش (Damu-eriš): ناوی گەواهیدەرێکە بۆ گرێبەستە تۆمارکراوە، تا ڕادەیەکی زۆر یارمەتیدەرە بۆ دەستنیشانکردنی شوێنی ڕەسەنی دەقەکە، چونکە ئەم ناوە لە تەنیا یەک دەقی ساڵی نۆزدەمی سامسو-ئیلونا تۆمارکراوە وەک گەواهیدەرێک. لە ڕێگای ئەم ناوەوە شوێنی جوگرافیای دیارکراوە کە یسین، چونکە تەنها لەم شوێنە ئەم ناوە هاتوە. دەقی چوارەم' بەهۆی ناسینی ناوی دامو-ئێریش :(Damu-eriš)لە دەقی سێیەم ئەوەمان بۆ پشتڕاست دەکاتەوە کە شوێنی ڕەسەنی ئەم دەقە بریتییە لە شاری یسین.

4- بونی مۆر لەسەر تابلێتە ئابوری و کارگێڕییەکان یەکێکە لە گرنگترین خاڵەکان. بەکارهێنانی هەندێک مۆر کە بۆ یەکەم جار بەکار هێنراون و هاوشێوەیان نییە، وەک: لەتێکستی یەکەم: ئانا-سیلیشا-مێدی (Ana-Sillišа-emid)ناوی خاوەن مۆرەکە تاڕادەیەک ڕونە، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە دێڕی دوەمی هەڵکەندراوی مۆرەکە جگە لە هێمای یەکەم ( (DUMUهیچ هێمایێکیتر ڕوننییە، لەبەرئەوە ناتواندرێ ئەوە بزاندرێت ئانا-سیلیشا-مێدی(Ana-Sillišа-emid) کوڕی کێیە؟ سەرەڕای ئەوەش تێکستەکانی تریش یارمەتیدەرنین بۆ ناسینەوەی ناوی باوکی ئەم کەسە، چونکە لە هیچ دەقێکدا ئاماژە بەناوی باوکی نەکراوە. تێکستی سێیەم: ناوی خاوەنی مۆرەکە یا-لیکیدو (Eya-likidu)، تاڕادەیەک دەتواندرێ دیاریبکرێت و بخوێندرێتەوە، ئەم ناوە ناوێکی نەناسراوە لە ناو دەقەکانی بابلی کۆن بەپێی داتابەیسی تێکستەکانی بابلی کۆن. تێکستی چوارەم: دامو-ئێریش (Damu-eriš) ناوی خاوەنی مۆرەکە ناوێکی نەناسراوە لەناو دەقەکانی بابلی کۆندا. لەتێکستی پێنجەم و شەشەمدا: لەسەر هەڵکەندراوی چاپی مۆرەکە یلی-مالولیم (Ili-malulim) وەک خاوەنی مۆرەکە دەردەکەوێت، وەک وەرگر ناویان هاتوە و خاوەنی مۆرەکەی سەر تابلێتەکانیشن هەر هەمان کەسبن، چونکە لە هەردو دەقەکە لە هەمان ساڵدا و بە هەمان میکانیزم و لە هەمان کەس کە دادا (Dada)یە شتیان وەرگرتوە، لێرەدا ئەگەر ئەوەمان قبوڵبێت کە هەردو کەسەکە هامان کەسن دەبێ ئەوەشمان قبوڵبێت یلی-مالولیم (Ili-malulim) خاوەنی دو مۆری جیاوازبوە. بەڵام ئەوەی جێگای هەڵوەستە لەسەرکردنە ئەوەیە کە هیچ جۆرە ناوێک بەم شێوازەی ئێستا کە خوێندراوەتەوە نەدۆزراوەتەوە ئەمەش گریمانەی ئەوەمان لا گەڵاڵە دەکات کە لەوەیە ناوێکی نوێبێت و پێشوتر لە دەقەکانی تر تۆمارنەکرابێت یان دەشێ هێما مێخییەکان بەجۆرێکیتر بخوێندرێنە.

5- دەقەکانی توێژینەوەکە فرەچەشنییەکی بەرچاوی ئابوریان دەرخستوە، ئەو کەرەستانەی لە دەقەکاندا باسکراون پێکهاتوە لە وەرگرتنی دانەوێڵە و بیرە،گرێبەستی قەرز و گرێبەستی بەکرێگیران.

6- یەکێکیتر لە گرنگی تابلێتەکان دیاریکردنی ناوی مانگ و ساڵەکانە، بەم هۆیە دەتوانین ناو و سەردەمی حوکمڕانی پاشاکە بەتەواوی بزانرێت. لەهەمان کاتدا لەڕێگای دیاریکردنی ئەم ساڵ و مانگانە دەتوانین کاتی گرێبەست و وەرگرتنەکان بزانرێت.

7- بابلییەکان لەبەکارهێنانی کێش و یەکە پێوانەییەکان زۆر وردبون، جیاکردنەوەی کێش و پێوانەکان بە گوێرەی مەواد و کەرستەکان دیاریکراوە. گرنگترین کێش بەها جۆ و زیو بو. کور و بان و گین وسیلا و شیکل یان بەکارهێناوە.

## سەرچاوە کان:


باقر، طه، ٢٠١٢، مقدية في تاريخ الحضارات القديمة،ط٢،ج١، بيروت، الناشر شركة دار الوراق للنشر المحدودة.

رشيد، فوزي، ١٩٩١، الملك حمورابي، ط١، بغداد، الناشر وزارة الثقافة والاعلام دار ثقافة الاطفال.

الصالحي،صلاح رشيد، ٢٠١٧، بلاد الرافدين دراسة في تاريخ و حضارة العراق القديم، ج١، ط١، بغداد.
وهد، جاسم شهد،٢٠٠٦، الصلات السياسية بين ممالك العراق في العصر البابلي القديم(1595–2004ق م)، رسالة ماجستير، كلية الاثار، جامعة القادسية.

ALEXANDER. JOHN BRUCE, PH. D, EARLY BABYLONIAN LETTERS *AND* ECONOMIC TEXTS.

Budge.E.A Wallis,1898, Cuneiiform Texts from Babylonian Tablets in the British Muuseum, part VI, London.

Biggs.Robert D, Jennie Myers, Martha T.Roth,2005, Proceedings of 51 Rencontre Assyriologique Internatioale Held the Oriental Institute of the University of Chicago JULY 18-22.

Budge.E.A Wallis,1899, Cuneiiform Texts from Babylonian Tablets in the British Muuseum, part VIII, London.

Chavalas.Mark W,2006, The Ancient Near East Historical Sources in Translation, Blackwell Publishingp.

Dekiere, Luc. 1995. Old Babylonian Real Estate Documents from Sippar in the British Museum. Part 3: Documents from the Reign of Samsu-Iluna. Mesopotamian History and Environment. Series III. Texts 2. Ghent: University of Ghent.

Delaporte.L , 1925 Mesopotamia The Babylonian and Assyrian Civilization, London.

Delitzsch. Friedrich ,1912, VORDERASIATISCHE SCHRIFTDENKMALER DER KÖNIGLICHEN MUSEEN ZU BERLIN.

Feigin, Samuel I. 1979. *Legal and Administrative Texts of the Reign of Samsu-Iluna*. Yale Oriental Series, Babylonian Texts 12. New Haven: Yale University Press.

Figulla, Hugo H., and William J. Martin. 1953. *Letters and Documents of the Old-Babylonian Period*. Ur Excavations،London: The Trustees of the two Museums.

FINKELSTEIN. J ACOB J, 1972,LATE OLD BABYLO lA T DOCUMENTS A D LETTERS
NEW HA VEN AND LONDON, YALE UNIVERSIT Y PRESS.

Horsnell.Malcolm J, 1999, THE YEAR-NAMES OF THE FIRST DYNASTY OF BABBYLON,Vol.1, McMaster University press.

Horsnell.Malcolm J, 1999, THE YEAR-NAMES OF THE FIRST DYNASTY OF BABBYLON,Vol.2, McMaster University press.

Khwshnaw.Ardalan,2018, Unpublished Old Babylonian Letters in the Slemani Museum, Doctoral Dissertation, EÖtvÖs Lorand University Faculty of Humanities. Kuiper.Kathleen, 2011,Mesopotamia The World's Earliest Civilization, Britannica.

Klengel.Horst ,1983: Altbabylonische Texte aus Babylon, Berlin, Akademie-Velag.

KING .L. W., M.A, F.S.A, 1898 , THE LETTERS AND INSCRIPTIONS OF HAMMURABI,KING OF BABYLON, ABOUT B.C. 2200, VOL. I.London.

KING .L. W., M.A, F.S.A, 2007 , THE LETTERS AND INSCRIPTIONS OF HAMMURABI,KING OF BABYLON, ABOUT B.C. 2200, VOL. III.

Nies.James B, and Clarence E. Keiser. 1920. Historical, Religious and Economic Texts and Antiquities. Babylonian Inscriptions , Vol. 2. New Haven: Yale University Press.

Peterson .Jeremiah: The Literary Sumerian of Old Babylonian Ur: UET 6/1-3 in Transliteration and Translation with Select Commentary Part I: UET 6/1, 2019.

Richardson.Seth F.C, 2010, TEXTS FROM THE LATE OLD BABYLONIAN PERIOD. BRITISH MUSEUM ,Published by the University of Ghent.

Saggs.H.W,1962, The Greatness that Was Babylon, Londonp74.

Sigrist.Marcel, 1988, Isin Year Names, voi.II, Institute of Archaeology Publions Assyriological Series.

Sigrist, M, and Damererow,2000, P.Mesopotomian year names.

Simmons, Stephen D. 1978. *Early Old Babylonian Documents*. Yale Oriental Series, Babylonian Texts 14. New Haven: Yale University Press.

Stone.Elizabeth C, 1987, NIPPUR NEIGHBORHOODS.

Sollberger, Edmond. 1951. “Miscellanea Sumerica.” Revue d’Assyriologie et d’Archéologie Orientale .

Vedeler.Harol Torger, 2006, A Social and Econmic survey of the Reign of Samsu-iluna of Babylon(1749-1712BCE).

Zimansky .Elizabeth C. Stone and Paul , 2004 ,The Anatomy of a Mesopotamian City:
Survey and Soundings at Mashkan-shapir.

CDLI :Cuneiform Digital Library Initiative

https://www.archibab.